**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ١٥٢٧ لە ٢٠٢١/١/٣١**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١
## ڕێنمایی هەمواری دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩
## خوێندنی باڵا/ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی ئەنجومەنی وەزارەت لە (تەوەری سێیەم: کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا/خاڵی ١٥) لە پێناو بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا/ماستەر کە بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) وەرگیراون و لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) خوێندنەکەیان دەست پێکردووە، بڕیاردرا بە:-

- هەموارکردنەوەی (تەوەری چوارەم: پێداویستیە زانستیەکانی وەرگرتنی بروانامەی ماستەر/٤-ناوەڕۆکی کۆرسە ئەکادیمیەکان/أ-ساڵی یەکەم:سیمستەری یەکەم/خاڵی ٩ و ١٠ و ١٢ و أ- ساڵی یەکەم: سیمستەری دووەم/خاڵی ٥ و ٦ و ٧) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بەم شێوەیەی خوارەوە:-

**یەکەم:** أ- ساڵی یەکەم: سیمستەری یەکەم:

**١-** ئامادەکردنی (١) یەک (Review Article)ی (٣٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە تەنها بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان)، واتە بابەتە لاوەکیەکانی وەکو (زمانی ئینگلیزی – Academic English و زانستی کۆمپیوتەر و میتۆدی توێژینەوە) ناگرێتەوە.

**٢-** لە(٥٠%)ی نمرەی بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لەسەر نووسینی (Review Article)ی (٣٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە دەبێت کە (٢٥%) نمرەی بابەت لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article) دەکرێت و لە (٢٥%) نمرەکەی دیکە بابەتەکە لە لایەن مامۆستایەکی هەمان پسپۆڕی وەکو هەڵسەنگێنەری دووەم (Second Examiner) هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article) دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final Exam) دەبێت.

**٣-** لە (٥٠%)ی نمرەی بابەتە لاوەکیەکان وەکو (زمانی ئینگلیزی – Academic English و زانستی کۆمپیوتەر و میتۆدی توێژینەوە) لە لایەن بەشی زانستی دیاری دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی بابەتە لاوەکییەکان لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم ( Final Exam) دەبێت.

تێبینی:- ئەگەر هاتوو قوتابی/خوێندکاری خوێندنی باڵا/ماستەر بۆ بابەتی لاوەکی وەکو (میتۆدی توێژینەوە) (Review Article)ی نووسیبوو، ئەوا لە پێناو بەفیرۆنەچوونی هەوڵ و کۆششی قوتابی/خوێندکاران، دەکرێت خاڵی (٣)ی سەرەوە لەسەر ئەو قوتابی/خوێندکارانە جێبەجێ نەکرێت و بەڵکو بە پێی ناوەرۆکی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٩)ی خوێندنی ماستەر مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەوەک بە پێی ناوەرۆکی ئەم ڕێنماییە. واتە ئەگەر قوتابی/خوێندکاری خوێندنی باڵا/ماستەر بۆ بابەتی لاوەکی وەکو (میتۆدی توێژینەوە) (Review Article)ی نووسیبوو ئەوا لە (٥٠%)ی نمرەی بابەتی (میتۆدی توێژینەوە) لەسەر نووسینی (Review Article)ی (٣٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە دەبێت، کە (٢٥%) نمرەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article)ەکە دەکرێت و لە (٢٥%) نمرەکەی دیکەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستایەکی هەمان پسپۆری وەکو هەڵسەنگێنەری دووەم (Second Examiner) هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article)ەکە دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی بابەتی (میتۆدی توێژینەوە) لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Exam Final) دەبێت. لێرەدا قوتابی/خوێندکار سەرپشکە لە هەڵبژاردنی یەکێک لەم دوو هەلبژاردەیە, واتە هەژمارکردنی نمرەی (Review Article) بە پێی ڕێنمایی پێشوو، یاخود جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە بە پێی خاڵی (٣)ی سەرەوە.

شێوازی هەڵسەنگاندی نمرە بۆ هەر بابەتێک لە سیمستەری یەکەم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت

أ. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بۆ بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | نووسینی (١) یەک (Review Article) بۆ گشت بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final Exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|
| نمرە | (٢٥%) نمرەی لە لایەن مامۆستای بابەت | (٢٥%) نمرەی بابەت لە لایەن هەڵسەنگێنەری دووەم (Second Examiner) | | |
| | ٥٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |

ب. شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ بابەتە لاوەکیەکان (ئەگەر هەبوو):

| پێوەری هەڵسەنگاندن | بابەتە لاوەکیەکانی وەکو (زمانی ئینگلیزی – Academic English و زانستی کۆمپیوتەر و میتۆدی توێژینەوە) | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری یەکەم (Final Exam) | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|
| نمرە | ٥٠ % نمرە لە لایەن بەشی زانستی دیاری دەکرێت | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |

ج. ساڵی یەکەم: سیمستەری دووەم:

**١-** ئامادەکردنی (١) یەک (Review Article)ی (٤٠٠٠) وشەیی بە پەیڕەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە بۆ گشت بابەتە سەرەکییەکان (پسپۆرییەکان).

**٢-** لە (٥٠%)ی نمرەی بابەتە سەرەکییەکان (پسپۆرییەکان) لەسەر نووسینی (Review Article)ی (٤٠٠٠) وشەیی بە پەیرەوکردنی میتۆدەکانی توێژینەوە دەبێت کە (٢٥%) نمرەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستای بابەت هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article)ەکە دەکرێت و لە (٢٥%) نمرەکەی دیکەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستایەکی هەمان پسپۆری وەکو هەڵسەنگێنەری دووەم ( Second Examiner) هەڵسەنگاندن بۆ (Review Article)ەکە دەکرێت. لە (٥٠%)ی نمرەکەی دیکەی هەر بابەتێک لەسەر ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم (Final Exam) دەبێت.

شێوازی هەڵسەنگاندنی نمرە بۆ هەر بابەتێک لە سیمستەری دووەم بەم شێوەی خوارەوە دەبێت

| پێوەری هەڵسەنگاندن | نووسینی (١) یەک **(Review Article)** بۆ گشت بابەتە سەرەکیەکان (پسپۆرییەکان) | | تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم **(Final Exam)** | کۆی نمرە |
|---|---|---|---|---|
| نمرە | (٢٥%) نمرەی لە لایەن مامۆستای بابەت | (٢٥%) نمرەی بابەت لە لایەن هەڵسەنگێنەری دووەم (Second Examiner) | | |
| | ٥٠ % نمرە | | ٥٠ % نمرە | ١٠٠ % نمرە |

**دووەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت لەسەر ئەو خوازیارانەی لە ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) پێشکەشی خوێندنی ماستەریان لە زانکۆکانی کوردستان کردووە و لە ساڵی (٢٠٢٠-٢٠٢١) خوێندنەکەیان دەست پێکردووە و کار بە هیچ ڕێنماییەکی دیکە ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ڕێنماییە و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**د. ئارام محمد قادر**

**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**